---

## بەشی یەکەم
## دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە زانستی ئابووری

**بنەڕەتی زاراوەی زانستی ئابووری** (Economics- **علم الاقتصاد**)

هەرچەندە فەیلەسوفەکانی شارستانیەتی یۆنانی بیروڕای تایبەت بە خۆیان هەبوە سەبارەت بە ئابووری، بەڵام ئەرستۆ بە یەکەم کەس دادەنرێت کە سەرەتای بیردۆزی ئابووری دارشتووە،وهەروەها یەکەم کەسیشە کە هەوڵی داوە ئاووری وەک زانستێک بناسێنێت، بەڵام سەرهەڵدانی زاراوەی "ئابووری" بۆ یەکەمینجار لەلایەن یەکێک لە سێ فەیلەسوفەکانی یۆنانی لە شارستانییەتە کۆنەکان بەناوی (زینۆفۆن) دەگەڕێتەوە، نزیکەی ساڵانی(٤٢٦-٣٥٤)پێش لە دایک بوون(زایین)، قوتابی سوکرات بووە، دوای ئەوەی وەک سەربازێک لە خزمەتی سپارتادا خزمەت دەکات، پاشان خانەنشین بووە، ئیتر خۆی تەرخانکردووە بۆ موڵک و ماڵی کشتوکاڵی لە بازرگانی هەمەجۆردا کاری کردووە، زینۆفۆن زاراوەی (Economics)یش بەمشێوەیە شرۆڤەکردووە کە زاراوەیەکە لە (Oikos-ماڵ) و (Nomas-بەڕێوەبردن- هەڵسوراندن)ەوە وەرگرتووە، کورتکراوەتەوە بۆ یاساکانی چاک بەڕێوەبردنی ناوخۆیی، پاشتر یۆنانییەکان ئەم چەمکەیان بە واتای (هونەری بەڕێوەبردنی ماڵ)بەکاردەهێنا.

**قۆناغەکانی مێژووی هزری ئابووری - مراحل تاريخ الفكر الاقتصاد**

هزری ئابووری مانای لێکۆڵینەوە لە کۆششی مرۆڤ لە بواری دۆزینەوەی یاساو دیاردە ئابورییە جیاوازییەکان بەپێی قۆناغبەندیە جۆراجورەکان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆیی دەگەیەنێت. ئابووریناسان پێشکەوتنەکانی هزریی ئابووری بۆ سێ چاخ (سەردەم) دابەش دەکەن:

١.**چاخی کۆن( سەردەمی دێرین) سەردەمی کۆیلایەتی** :

بۆچونی فەیلەسوفەکانی شارستانیەتی (رۆمانی، بابلی، یۆنانی، چینی، میسری) لە بارەی ئابووری.

٢.**چاخی ناوەڕاست( سەردەمی دەرەبەگایەتی):**

بۆچونی فەیلەسوف و زانایانی سەدەکانی (پێنجەم تا کۆتایی پانزەهەمی زاینی)ە کە شارستانیەتی مەسیحی لە ئەوروپا لە رێگەی کەنیسەوە پشتی بە فێرکردنی رەفتاری ئابووری دەبەست، بەڵام شارستانیەتی ئیسلامی پشتی بە ئەحکامەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر(د. خ) دەبەست لە بارەی رێساو رەفتاری ئابووری.

٣.**چاخی هاوچەرخ(سەردەمی نوێ):**

بۆچونی فەیلەسوف و زانایانی سەدەکانی نێوان(١٥ تا ٢٠)، لەم ماوەیەدا چەندین قوتابخانەو تەوژمی هزری ئابووری دروست بوون، کە لە بنەما سەرەکیەکان هاوڕابوون و لە وردەکاریدا جیاواز بوون.

---

**پێناسەی زانستی ئابووری**

زۆرێک لە زانایانی ئابووری باسیان چەمکی زانستی ئابووریان پێناسەکردووە، هەریەکە لە روانگەی خۆیەوە تێڕوانی خستۆتەڕوو کە دەتوانین دیارترین پێناسەکان بخەینە بەرباس وەک:

- **ئەرستۆ-**Aristotle :زانستی ئابووری بریتییە لە زانستی سەرەتاکانی هەڵسوڕاندنی ماڵ.
-
- **ئادەم سمیث-** Adam Smith

لە ساڵی ١٧٧٦ لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی ( سامانی گەلان–The Wealth of Nations)، و پێناسەی کردووە بەو زانستەی کە مامەڵە لەگەڵ ئەو ئامرازانە دەکات کە بەهۆیەوە دەتوانێت نەتەوەیەک کە دەوڵەمەند بووبێت، واتە زانستی ئابووری بایەخ بە میکانزمەکانی زیادبوونی سامانی نەتەوە دەدات.

- **پیجۆ-** Pigou: زانستی ئابووری لە کێشە ئابورییەکان یا خۆشگوزەرانی ئابووری کە بەشێکە لە خۆشگ،وزەرانی گشتی دەکۆڵێتەوە.
- **ئەلفرێد مارشاڵ–** **Alfred Marshall** : لە سامان و مرۆڤ دەکۆڵێتەوە.
- **سامۆیلسۆن-** **Paul Samuelson**

بایەخ بە دەرامەتە دەگمەنەکان(ندرە–Scarcity) دەدات بۆ بەرهەمهێنانی کاڵاوخزمەتگوزاری و دابەشکردنیان بەسەر تاکەکان بەمەبەستی بەکارهێنانی.

- ئابووریناسە سۆشیالیستیەکانن ناکۆنن لەسەر پێناسەکان بۆ نمونە ئۆسکار لانکە (**Oskarlanka**) پێی وایە زانستی ئابووری یاسایەکی کۆمەڵایەتیدە بۆ چالاکردنی ئابووری.

**زانستی ئابووری:** ئەو زانستەیە لە چالاکییەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، کە دەرامەتە سنووردارە ریژییەکان بەکاردەهێنێت بۆ پرکردنەوەی پێداویستییە(حاجات– Needs) بێسنوورو فرە جۆرەکان، بە جۆرێک لە کێشە ئابوورییەکان و خۆشگوزەرانی ئابووری(رفاهیە اقتصادیة– Economic Welfare) دەکۆڵێتەوە.

**ئایا ئابووری زانستە یا هونەر ؟**

ئابووری لە یەک کاتدا هەم زانست و هەمیش هونەر .

زانست: لە پرۆگرامدا Scientific Theory

هونەر : لە جێبەجێکردندا Applied

**پەیوەندی ئابووری بە زانستەکانی دیکەوە**

١.ژمێریاری ٢. ئامار ٣.یاسا ٤.سیاسەت ٥.دارایی گشتی ٦. کۆمەڵایەتی

---

**بیردۆزی ئابووری - النظرية الاقتصادية** - Economics Theory

ئامانج لێی هەوڵدانە بۆ شیکردنەوەی ڕوودانی دیاردە ئابورییەکان و پێشبینیکردن و دواتر چارەسەرکردنی. بۆ نمونە قەیرانی دارایی و هەڵاوسان و داکشانەوە.....هتد.

**شیکردنەوەی ئابووری – تحليل الاقتصادي-** Economic analysis

واتە وردکردنەوەو بەش بەشکردنی ئەو دیاردە ئابوورییە کە توێژەر لێیدەکۆڵێتەوە بۆ ئەو رەگەزانە کە ئەو دیاردەیان پێکهێناوەو سنوورەکانی دیاری دەکات لەگەڵ لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی ناو ئەو دیاردەیە. بۆ ئەمەش دوو جۆرە شیکردنەوەی ئابووری هەن وەک:

1. **ئابووری بەشەکی- الاقتصاد الجزئي-** Microeconomics

بەشێوەیەکی گشتی ئابووری بەشەکی -کەرتی گرنگی بە رەفتاری (تاکەکان -Individuals ، پرۆژەکان، خانەوادەکان) دەدات، بە بیردۆزی (نرخ)یش ناسراوە، ئابووریناس( ئادەم سمث) داهێنەری ئەو ئەو بیردۆزیەیە.

نمونە/ شیکردنەوەی رەفتاری تاک لە هەڵسوکەوتکردن لە داهات و خەرجییەکان، یاخود تاکەکان چۆن بڕیاری ئابوورییانە دەدەن. چۆن بڕیار لە ڕەفتاری ئابوورییە تاکە کەسییەکانی وەک: (ماڵ، کۆمپانیا، یان پیشەسازی....هتد) دەدەن.

2. **ئابووری هەمووەکی- الاقتصاد الكلي** – Macroeconomics

ئەو جۆرە ئابوورییە بە گشتی یاخود بە گەورەیی تەماشای ئابووری دەکات، نەک بە بچووکی و بەش بەش، تیشک دەخاتە سەر پرسە فراوانەکانی وەک: گەشەی بەرهەمهێنان، ژمارەی بێکاران، داهاتی نەتەوەیی، بەرزبوونەوەی هەڵاوسانی نرخەکان، کورتهێنانی داهاتی حکومەت، خەرجییە گشتییەکان، ئاستی هەناردە و هاوردەکردن. هەروەها سەرنج دەخاتە گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی(GDP)، ڕێژەی سوود، بایەخ بە چالاکییە گشتییەکان دەدات، کرێ، سوڕی دراو، خواستی گشتی ....هتد. ئابووریناس( جۆن ماینارد کینز) داهێنەری ئەو ئەو بیردۆزیەیە.

**جیاوازی نێوان ئابووری هەمووەکی و ئابووری بەشەکی**

| ئابووری هەمووەکی | ئابووری بەشەکی |
|---|---|
| لە داهاتی نیشتمانی دەکۆڵێتەوە. | لێکۆڵینەوە لە داهاتی تاکەکەسی. |
| شیکاری کۆی دامەزراندن لە ئابووریدا دەکات. | لێکۆڵینەوە لەسەر خواست و خستنەڕووی کار دەکات. |
| مامەڵە لەگەڵ بڕیارە کۆکراوەکان دەکات. | مامەڵە لەگەڵ بڕیارەکانی ماڵ و کۆمپانیاکان دەکات. |
| ئاستی نرخی گشتی دەخوێنێتەوە. | لە نرخی تاکەکەسی دەکۆڵێتەوە. |
| شیکاری کۆی خواست و کۆی دابینکردن دەکات. | شیکاری داواکاری و دابینکردنی کاڵاکان دەکات. |

---

## سیستەمە ئابوورییەکان

بریتییە لە کۆمەڵێ یاسا و ڕێسا و نەریت و بنەما کە حکوم دەکەن لەسەر ئابووری نەتەوەیی، لە ڕێگەی ئەو یاساو ڕێسایانە دەرامەتەکان بەکاردەهێنرێت بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ، هەر یەکێک لە سیستەمەکان ئەو پرسیارانە دەکەن: ( کێ بەرهەم بهێنێت؟ چۆن بەرهەم بهێنرێت؟ بۆ کێ بەرهەم بهێنرێت؟ چەند بەرهەم بهێنرێت؟ لە هەمان کاتدا بە هزریی سیستەمەکە وەڵامیان دەداتەوە. لێرەدا دەتوانین سیستەمە ئابوورییەکانی بۆ چەند سیستەمێک دابەش بکەین وەک: سیستەمی ئابووری سەردەمی کۆمەڵگە بەرایییەکان، سیستەمی ئابووری کۆن(کۆیلایەتی)، سیستەمی ئابووری دەرەبەگایەتی( فیودالیزم)، سیستەمی ئابووری سەرمایەداری، سیستەمی ئابووری سۆشیالیستی، سیستەمی ئابووری تێکەڵاو، سیستەمی ئابووری ئیسلامی، سیستەمی ئابووری سۆشیالیستی دیموکراسی، بەڵام لەم بەشەدا تەنها تیشک دەخەینە سەر ئەو سیستەمانەی خوارەوە:

**١.سیستەمی سەرمایەداری( ئابووری بازاڕ - ئازاد)- نظام الرأسمالي( اقتصاد السوق)**-The Capitalistic System- Market Economy

لەم سیستەمەدا ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن لەلایەن تاکەکان و کەرتی تایبەت خاوەنداریەتی دەکرێت، هەروەها چالاکییە ئابورییەکان تاکەکان ئەنجامی دەدەن لە پێناو بەدەستهێنانی قازانج(الربح – Profit ). لەگەڵ ئەوەشدا لەم سیستەمەدا بەکاربەر- کڕیار سەروەرە، کێشە ئابوورییەکان لەخۆوە چارەسەر دەبن لە ڕێگەی میکانیزمی نرخەکان( الاسعار- Prices) لە چوارچێوەی یای خواست و خستنەڕوودا. ڕۆڵی دەوڵەت لە بازاڕ بوونی نییە، تەنها چاودێری کردنە، ئەم سیستەمە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو هەندێ وڵاتی دیموکراتی دیکە بە شێوەی ڕێژەیی پەیرەو دەکرێت، بەڵام ئێستا لە هیچ شوێنێکی جیهان بە ڕێژەی ١٠٠% جێبەجێ ناکرێت.
بنەمای سەرەکی ئەو سیستەمە کێبڕکێ بازرگانی لە بازاڕدا زیاتر بە واتای دابەزینی نرخ و بەرهەمی کوالێتی بەرزترە بۆ بەکارهێنەران تا بیکڕن، نەک بەرزکردنەوەو قۆرخکاری.

**٢.سیستەمی سۆشیالیستی( ئابووری پلان بۆ دارێژراو - نظام الاشتراكي (الاقتصاد المخطط)** The Socialistic System- Planned Economy

لەم سیستەمەدا کێشەکانی (بەرهەمهێنان و دابەشکردن) لە ڕێگەی پلانی ناوەندی دەوڵەتەوە وەڵامدەدرێتەوە. هۆکارەکانی بەرهەمهێنان(کار، زەوی- سەرمایە، کارسازی) موڵکی دەوڵەت، بە پێچەوانەی سیستەمی سەرمایەداری کە خاوەندارێەتییەکەی بۆ کەرتی تایبەت دەگەڕایەوە.واتە دەوڵەت بەشێوەی ناوەندی دەست دەخاتە نێو کاروبارەکانی بازاڕ، لە ئاستی (نرخ، کرێ، بەرهەمهێنان....هتد)، بەهۆی دەستتێوەردانی دەوڵەت لە کاروبارە ئابوورییەکان پرسیارە ئابوورییەکانیش لەلایەن دەوڵەتەوە وەڵام دەدرێنەوە، هەربۆیەشە لەم سیستەمەدا کێشەکانی بەرهەمهێنان و کێشەکانی دابەشکردن بە پلاندانانی ناوەندی دەوڵەوتەوە چارەسەر دەکرێن و بەرزی و نزمی نرخیش لە بازاڕ هەر دەوڵەت خۆی چارەسەری دەکات. ئەو جۆرە ئابوورییە لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤییەتی کۆن و چینی کۆمۆنیستی کۆن و کوبا و کۆریای باکوور و تەنانەت عێراق و سوریا....هتد پەیرەو دەکرا.

---

**٣.سیستەمی ئابووری تێکەڵاو – نظام الاقتصاد المختلط-The Mixed Economy System**

ئەو سیستەم لە پەیڕەوکردنی بنەماکانی هەردوو سیستەمی سەرمایەداری و سۆشالیستی پێکدێت کە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان ئەو سیستەمە پەیڕەو دەکەن، چونکە هیچ وڵاتێک بە ١٠٠% ئەو سیستەمەکانی ئابووری ( سەرمایەداری- سۆشیالیستی) جێبەجێ ناکەن.

**٤.سیستەمی ئابووری ئیسلامی- نظام الاقتصاد الاسلامي- The Islamic system**

چالاکییە ئابوورییەکان لەلایەن دەوڵەت و کەرتی تایبەت ئەنجام دەدرێت، بە مەرجێک کەرتی تایبەت پەیڕەوی شەریعەتی ئیسلام لە قورئان و سونەت بکات، لە بنەماکانی دوورکەوتنەوە لە سووخۆری، قۆرخکاری....هتد. نمونەی ئەو جۆرە ئابوورییە دەوڵەتی ئیسلامی سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) تا دەگاتە سەردەمی خەلیفەکانی راشدین، لە ئێستادا جگە لە هەندێ دامەزراوەی بانکی نەبیت لە هیچ وڵاتێک پەیڕەو ناکرێت. لەم سیستەمەدا دەوڵەت کۆنترۆڵی بەرزو نزمی نرخ لە بازاڕ دەکات، هاوسەنگی بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵ دەهێنێتە دی. کێشەی ئابووری پەیوەست بە مرۆڤ ( پێداویستییەکان، ئارەزووەکان) چارە دەکات، تاکی ئازاد کردووە لە مامەڵەی بازرگانی، بەڵام بەرەهایی نا، بەڵکو بەربەستی بۆ داناوە لە روانگەی بابەتی و رۆحییەوە. دابەشکردنی داهات و سامانی دەوڵەت بەشێوەی دادپەروەری و یەکسانییە لەسەر بنەمای: حەرامکردنی ١. سوو- فائيدة( الربا) ٢. زێدەخەرجی، هەروەها بازرگانی نابێت فێڵی تێدابکرێت و ساڵانەش دەبێت (زەکات) بدرێت بە گەنجینەی دەوڵەت تا بە یەکسانی ودادپەروەری دابەش بکرێت.

**ئامانجەکانی ئابووری ئیسلامی**

١. بەدیهێنانی گەشەی ئابووری: بە دوو رێگە دەبێت وەک:

أ.زیادکردنی سەرمایەی وەبەرهێنراو.

ب.وەبەرهێنان بە شێوەیەک کە سامان زیاد بکات.

٢. بەدیهێنانی بەختەوەری مرۆڤ: ئەویش بە دوو رێگە دەبێت:

أ.دابینکردنی خۆشگوزەرانی.

ب.جێبەجێکردنی داواکارییە ڕۆحی و دەروونییەکانی.

٣. کەمکردنەوەی نایەکسانی لە دابەشکردنی سەروەت و ساماندا ئەویش بە دوو رێگە:

أ. : قەدەغەکردنی ڕیبا، قومار، ساختەکاری و... هتد.

ب. زەکاتدان، کەفارەت، ئاژەڵی قوربانی و... هتد.

---

**٥.سیستەمی سۆشیالسیتی دیموکراتی- نظام الاقتصاد الاشتراکي الدیموقراطي-** The Socialistic Democratic

لەم سستەمەدا دەوڵەت ئاسانکاری بۆ کارکردن بە شێوەی ئازاد لەلایەن کەرتی تایبەت دەکات، هاوشانی کەرتی گشتی بۆ پەرەپێدانی ئابووری و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە هاولاوتیان، لەگەڵ ئەوەشدا هۆیە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان خاوەنداریەتی گشتییە، بەتایبەت پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک: ئاو کارەبا، نەخۆشخانە، قوتابخانە، زانکۆ، ریگەوبان، پارک و باخچە گشتییەکان...هتد. نمونەی ئەو جۆرە ئابوورییە لە ولاتانی وەک: سوید، دانیمارک، نەرویج، فلەندا پەیرەو دەکرێت.

لەم سیستەمەدا دەوڵەت کۆنترۆڵی بەرزو نزمی نرخ لە بازاڕ دەکات لە هەر کاتێکدا پێویست بێت.

| | سەرمایەداری | سۆشیالیستی | تێکەڵاو | ئیسلامی | سۆشیالسیتی دیموکراتی |
|---|---|---|---|---|---|
| خاوەنداریەتی دەرامەتە ئابوورییەکان | تایبەت | گشتی | تێکەڵاو | تێکەڵاو | گشتی |
| بنەمای هزری ئابووری | هزری سەرمایەداری | هزری سۆشیالیستی | تێکەڵاو | قورئان و سونەتی پێغەمبەر | سوود وەرگرتن لە هەردوو هزر |
| رۆڵی حکومەت | چاودێری یاسا ئابوورییەکان | بڕیاردانی ناوەندی | تێکەڵاو | تێکەڵاو | حکومەت رۆڵێکی لاوازی هەیە |
| دیاریکردنی نرخەکان | بازاڕ لە رێگەی خواست و خستنەڕوو | حکومەت | تێکەڵاو | تێکەڵاو | |

**کێشە ئابوورییەکان**

کێشە ئابوورییەکان لەسەر ئاستی جیهان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە، ولاتان هەرچەندە پێشکەوتووبن رووبەڕوی ئەو کێشانە دەبنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کێشە ئابوورییەکان لە هەر شوێنێکی جیهان رووبدات رەنگدانەوی لەسەر ولاتانی دیکە دەبێت، بەڵام جۆری کێشەکان زۆر دەتوانین بەشێک لەو کێشانە لێرەدا کورت بکەینەوە:

١.بێکاری
٢.هەژاری
٣.هەلاوسان
٤.بێبازاڕی
٥.پیسبوونی ژینگە
٦.جیاوازی لە دابەشکردنی داهات.
٧.قەرز
٨.داکشانەوە- بێبازاڕی
٩.تاوان

---

ئیدی سەربارى ئەو گرفتانە کە وڵاتان بە دەستییەوە دەناڵێنن، کەچی بەگشتی لە روانگەی زانستی ئابوورییەوە دەتوانین لێرەدا ئاماژە بەو هۆکارانە بکەین کە دەبنە هۆی دروستبوونی کێشە ئابوورییەکان:

1 . **پێداویستییەکانی مرۆڤ** :

پێداویستی (الحاجة- Need) بە واتای بوونی ئارەزوو لەلایەن مرۆڤەوە بۆ بە دەستهێنانی شمەک و خزمەتگووزاری، بۆیە دەکرێت بە ئاڵۆز بناسرێت، لە ئەنجامی ئەوەی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان( دەرامەتە ئابوورییەکان) وەک: کار، زەوی، سەرمایە، کارسازی سنووردارە، لە بەرامبەردا پێداوبیستییەکانی مرۆڤ( زۆرو بێسنوورە، نوێدەبێتەوە، جۆراورە وەک:

١. پێداویستی مادی : وەک خواردن، خواردنەوە، جلوبەرگ، نیشتەجێبون.
٢.پێدویستی نامادی وەک: خوندن، چاودێری تەندروستی، رۆشنبیری، گەشتوگوزار.
٣. پێداویستی واتایی( معنوي) وەک ئازادی رادەربڕین، مافی دەنگدان و خۆپیشاندان و بیرکردنەوە.
لە ئەنجامی ئەوەی ناتوانرێت دەرامەتە دەگمەنەکان هاوسەنگ بکرێن بەرامبەر پێداویستییە زۆرەکان، ئەوا کێشەی ئابووری دروست دەبێت، لێرەوە ئەرکی حکومەتەکانە هەنگاوی پێویست بگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە.

2 . **دەگمەنی دەرامەتەکان:**

چەمکی (دەگمەنی- الندرة- Scarcity) واتە خواستی مرۆڤ بۆ کاڵا و خزمەتگوزاری و سەرچاوە لەوە زیاترە کە لەبەردەستدایە. سەرچاوەکان، وەکو هێزی کار، ئامراز، زەوی، و کەرەستەی خاو پێویستن بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی کە ئێمە دەمانەوێت بەڵام بە دابینکردنی سنووردار بوونیان هەیە.بێگومان سەرچاوەی کەمی کۆتایی کاتە- هەموو کەسێک، دەوڵەمەند بێت یان هەژار، تەنها ٢٤ کاتژمێری هەیە لە ڕۆژدا بۆ ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو کاڵایانە بدات کە دەیەوێت. لە هەر کاتێکدا تەنها بڕێکی سنووردار لە سەرچاوە لەبەردەستدایە.

دەرامەتە ئابوورییەکانیش دوور جۆرن وەک:

**أ.دەرامەتە نائابوورییەکان:**

بریتیە لەو دەرامەتانەی کە سنووردارنین، واتە بوونیان لەسروشت زۆرەو خۆڕسکن و لە پێداویستیەکانی مرۆڤ زیاترن و دەگمەن نین و کاڵای گشتین وەک: هەوا، لم، دەریا، زەریا.....هتد.

ب.**دەرامەتە ئابوورییەکان** :

بریتین لەو دەرامەتانەی کە ئامرازی سەرەکی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤ،ئەمانەش پێیان دەگوترێت هۆکارەکانی بەرهەمهێنان عوامل الانتاج -Factors Of Production

١.زەوی ( کەرەستەی خاو).

---

٢.کار (لێهاتوویی کرێکاران).
٣.سەرمایە (ئامێری، باڵەخانە...هتد).
٤.کارسازی- پێشەنگکاری ( لێهاتوویی لە دروستکردنی بەرهەم و پرۆسەکان). بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئابوری پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارە بنچینەییانەی لەبەردەم هەر کۆمەڵگایەکدا دەبێتەوە و پێویستیان بە وەڵام بێت. ئەم پرسیارانە بریتین لە:

١.چی بەرهەم دەهێنیت؟ واتە دیاریکردنی ئەوەی کۆمەڵگا چ کاڵا و خزمەتگوزارییەک بەرهەم بهێنێت؟.ئایا جلو بەرگەکانە؟ یان خواردنەکان؟ یان ئامێرەکان؟ .
٢.چۆن بەرهەم دەهێنین؟ چۆنیەتی بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایانە دیاری دەکات. ئەم پرۆسەیە پێویستی بە تەرخانکردنی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە بەردەستن بۆ بەرهەمهێنان و تەرخانکردنیان بۆ بەکارهێنانی جیاواز بۆ ئەوەی زۆرترین ئیستغلالکردن بەدەست بهێنین و شێوازی تەکنیکی گونجاو بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییە پێویستەکان دیاری بکەین.
٣.بۆ کێ بەرهەم دەهێنین؟ ئەوەیە کە چۆن بەرهەمهێنان بەسەر ئەندامانی کۆمەڵگادا دابەش دەکرێت و سوودمەندەکانی دیاری دەکرێن.

**دەرامەتەکان – الموارد-** Resources

بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پێویستییەکی مرۆیی هەیە کە دەگۆڕێت بۆ ئارەزوویێک کە پێویستی بە تێربوون هەیە و ئامرازیش هەیە بۆ تێرکردنی ئەو ئارەزووانە. ئەم ئامرازانە سەرچاوەن، کە بە کاڵا و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان دەناسرێن. هەر شتێک کە توانای تێرکردنی هەبێت، لە داب و نەریتی ئابووریدا بە (کاڵا )ناودەبرێت، بەبێ گوێدانە جۆرەکەی. هەندێک لە کاڵاکان ماددی یان بەرجەستەن کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی چەندایەتی و چۆنایەتی وەسف بکرێن، ئێمە بە گشتی پێیان دەڵێین کاڵا، وەک: خۆراک، جلوبەرگ، کەرەستە و هتد. لە نێویاندا ئەو شتانە هەن کە هەستپێنەکراون بە خزمەتگوزاری ناسراون، وەک پەروەردە، تەندروستی، گواستنەوە.... هتد

**کاڵا-السلع-** Goods

هەرشتێ سودی هەبێت و خوازراوبێت لەلایەن خەڵک پێدەگوترێت (کاڵا).

**جۆرەکانی کاڵا- انواع السلع-** Types of goods

١.**کاڵای ئازاد: السلع الحرة** Free Goods

کاڵایانەن کە لە سروشتدا بە ڕێژەیەکی زۆر دەدۆزرێتەوە، مرۆڤیش هیچ هەوڵێک بۆ بەدەستهێنانیان نادات، هەروەها هیچ سەرچاوەیەکیش کە بۆ بەرهەمهێنانیان تەرخان نەکراوە، وەک: ئاو، هەوا، تیشکی خۆر، بەبێ بەرامبەر دەست دەکەوێت.

---

**٢.کاڵای ئابووری: السلع الاقتصادية** Economic Goods

ئەوانەن کە لە سروشتدا تەنها بە ڕێژەیەکی سنووردار بەپێی خواست بۆیان بوونیان هەیە و بڕێکی دیاریکراو لە سەرچاوە بۆ بەرهەمهێنانیان تەرخان دەکرێت، ئەمەش سودی هەیەو دەگمەنە، بەڵام بۆ بە دەستهێنانی پێویستی بە پارەو کۆشش هەیە.

**٣.کاڵای پێویست- السلع الضرورية-** Necessary Goods

بریتییە لەو کاڵایانەی کە پێداویستییە بایۆلۆژییەکانی مرۆڤ تێر دەکەن، وەک: پێویستی خواردن، خواردنەوە، جلوبەرگ و خانووبەرە.

**٤.کاڵای ناپێویست - السلع الكمالية** Luxurious Goods

کاڵای جوانکاری بریتییە لە کاڵایەک کە زۆرینەی خەڵک بە کەمترین پلە بە پلەی بە پێویست دەزانن. بەڵام جیاکردنەوەی ئەوەی کە پێویست و ناپێویستە، کارێکی ئاسان نییە، ئەوەی بۆ کەسێک ناپێویستە، ڕەنگە بۆ کەسێکی دیکە پێویست بێت و بە پێچەوانەشەوە. بەڵکو ئەوەی بۆ مرۆڤ لە کاتێکی دیاریکراودا پێویستە، لە کاتێکی تردا پێویست نەبێت.

**٥.کاڵای ئاسایی- السلع العادية-** Ordinary Goods

کاڵا ئاساییەکان بریتین لەو کاڵایانەی کە خواست لەسەریان زیاد دەکات لەگەڵ زیادبوونی داهاتی بەکاربەر، خواست لەسەریان کەم دەبێتەوە کاتێک داهاتی بەکاربەر کەم دەبێتەوە.

**٦.کاڵای کوالێتی نزم- السلع الدنيا (الرديئة)** Inferior Goods

بریتییە لەو کاڵایانە کە پێداویستییەکانی ڕاستەوخۆی مرۆڤ تێر دەکەن، بەڵام پلەیەکی کوالیتییان نزمە و خواستی تاک بۆیان کەم دەبێتەوە کاتێک داهاتەکەی بەرز دەبێتەوە و دەگۆڕێت بۆ بەکارهێنانی کاڵایەکی دیکەی کوالیتی بەرزتر.

**٧.کاڵا لە ناوچووەکان- السلع الفانية-** Perishable Goods

کاڵا لەناوچووەکان بریتین لەو کاڵایانەی کە توانای دڵخۆشکەری خۆیان تەواو دەکەن کاتێک جارێک بەکارهێنراون وەک: خۆراک.

**٨. کاڵا بەسەرنەچووەکان- السلع المعمرة-** Durable Goods

ئەو کاڵایانەن بەبێ ئەوەی توانای تێرکردنی خۆیان بە یەکجار لە دەست بدەن، بەڵام وردە وردە لە دەستی دەدەن وەک: جلوبەرگ و مەکینە و کەرەستە.

---

**٩.کاڵای تەواوکار-السلع المكملة** Complementary Goods

کاڵا تەواوکەرەکان ئەو کاڵایانەن کە یەکێکیان بەکارناهێنرێت مەگەر ئەوی دیکەیان ئامادە نەبێت بۆ تێرکردنی پێداویستییەکی دیاریکراو. وەک کاغەز و قەڵەم، ئۆتۆمبێل و بەنزین، چا و شەکر.

**١٠.کاڵای جێگرەوە- السلع البديلة** Substitute Goods

بریتییە لەو کاڵایانە کە دەتوانرێت جێگرەوەی یەکتر بن بۆ تێرکردنی پێویستییەکی دیاریکراو. وەک: چا و قاوە، گۆشت و ماسی، زانکۆ و پەیمانگا.

**١١.کاڵای بەکاربەر- السلع الاستهلاكية** - Consumer Goods

بریتییە لەو کاڵایانە کە بە مەبەستی بەکارهێنانی کۆتایی بەرهەم دەهێنرێن، یان کە ڕاستەوخۆ پێداویستییەکانی مرۆڤ تێر دەکەن بەبێ ئەوەی هیچ پرۆسەیەکی گۆڕانکارییان بەسەردا بێت. وەک: جلوبەرگ و خواردن.

**١٢.کاڵای سەرمایە- السلع الرأسمالية** - Capital Goods

ئەو کاڵایانەن کە ناتوانرێت ڕاستەوخۆ بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ بەکاربهێنرێن، بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێرێت. وەک: ئامێر و کەرەستەی جۆراوجۆر.

**چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان**

1. کەمکردنەوەی دەگمەنی دەرامەتە ئابوورییەکان، لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ئارەزووەکانی مرۆڤ لە کاڵاو خزمەتگوزاری.
2. بەگەڕخستنی تەواوی دەرامەتە ئابوورییەکان، واتە بەگەڕخستنی تەواوی دەرامەتە سروشتی و مرۆییەکان، دەبێتە هۆی زیادبوونی کاڵاو خزمەتگوزاری، بەوەش توانای پڕکردنەوەی پێداویستییەکان زیاتر دەبێت.
3. توانستی ئابووری لە بەگەڕخستنی دەرامەتە ئابوورییەکان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەگمەنی دەرامەتە ئابوورییەکان.